# شەونم

هۆنراوەی (74)

حجاب چهره جان می شود غبار تنم

دەبێتە پەردەی روخساری گیان تەمی بەدەنم
چ خۆشە دەرکەوێ لەو پەردە سوورەتی رەبەنم
لە کوێ شیای منی خۆشخوانە مانەوەی قەفەزێ
دەرۆمە جەننەتی ریزوان مەلی ئەوێ چەمەنم
نەبۆوە روون کە لە بۆ هاتم و لە کام جێ بووم
حەیف لە کاری نەزانی بەزایە چوو تەمەنم
چلۆن لە عالەمی قودسی بکەم سەیاحەت و سەیر
منێکی بەندی بەنی تەختەبەندی دارەبەنم
ئەمن کە دیمەنی حۆریانە ماڵ و مەنزڵەکەم
لەبەرچی کووچەی مەیخانە بێ بەجێ و وەتەنم
ئەگەر لە خوێنی دڵم بۆنی میشک و عەنبەردێ
بەسەیری مەگرە کە هاودەردی نافەیی خوتەنم
لە چەشنی شەم نیە حاشیەی کراسی زێڕکفتم
گەلێ گڕی بەدزی هەن لەژێر کراسی بەنم
وەرە و لە حافزی وەستێنە ئەو وجوودە هەتا
بە بوونی تۆ کەسی دی نەبیە لێم لەکام رەسەنم

حافزی حەقیقی